# دیدار



**جەلیل کاکەوەیس:**


**ئەو نووسەرەی کە خاوەن پەیامی خۆیەتی هەر بایی ئەوە سوود لە بەرهەمی کەسانی دی وەردەگرێت، کەبەرچاوی خۆی روونتربکاتەوە**

سازدانی: سۆران عەزیز



**(( حکومەتی کوردیی، بەواتا زمانی دەستووریی و ستانداردی کوردیی ))**

سازدانی: ئەکرەم محەمەد و کاروان ئیبراهیم



جەلیل كاكەوەیس:

# ئەو نووسەرەی كە خاوەن پەیامی خۆیەتی هەر بایی ئەوە سوود لە بەرهەمی كەسانی دی وەردەگرێت، كەبەرچاوی خۆی روونتربكاتەوە

◆ سازدانی: سۆران عەزیز





*** لەو پرسیارەوە دەستپێدەكەم، كۆمەڵێك چەمكی وەك "داهێنان، خوێندنەوەی دەق، هەڵوەشاندنەوەگەرایی" خراونەتە نێو ئەدەبی كوردیەوە، هەر وەك چۆن پێشتر "وجودییەت، چەپگەرایی، ئەدەبی بەرگری" هەبوون. ئەمانە لانیكەم كاریان پێكراوە وەكو میتۆدێكی فیكریی، لەكاتێكدا بۆچوونێكی دیكە هەیە دەڵێت وەكو خۆی كاری پێنەكراوە؟**

ئەو زاراوەو چەمكە فیكرییانە وەك ئاماژە لەم وتارو لەو لێكۆڵینەوەدا بەكاردێن، ئەگینا هەوڵێكی ئەوتۆ نەدراوە بەكەرەستەی دەورووبەری خۆمان پراكتیزە بكرێن، من وای بۆ دەچم هێشتا لەبوارە مرۆییەكاندا لای ئێمە نەبوونەتە چەمكی تێگەیشتن، تەنها دووراو دوور مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە، بەجۆرێك لەبەر رۆشنایی شتە هاوبەشەكانی مرۆڤایەتی بەدیدێكی كوردی لەگەڵ خواست و خولیاكانی خۆمان و دەرهاویشتە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی خۆماندا جۆشیان بدەین و كەش و دۆخێكی لەخۆمان نزیكیان لێ فەراهەم بكەین، یان ئەو دیاردانەی لای كۆمەڵگەی كوردی رەتدەكرێنەوە، یان قبووڵ دەكرێن لەبەر رۆشنایی ئەو چەمكە فیكرییانە پاساوێك بۆ رەتكردنەوە یان قبووڵكردنیان بهێنینەوە، پێموایە بەباوكردنی داهێنان و خوێندنەوەی دەقـەو هەڵوەشاندنەوەگەرایی، كە چەمكگەلێكی خواستراون و هێشتا لەژانرە جۆربەجۆرەكانی ئەدەبیات و هزری كوردیدا تەنها زاراوەن و دەقەكانیان پێ شی نەكراوەتەوەو زیادییەكیان نەخراوەتەسەر.

پێموایە هێشتا كەرەستە بزوێنەرەكانی دەوروبەری خۆمان نەخستۆتەگەر، چونكە ئەو دەقانەی ئێمە زادەی كلتوورێكن جیاواز، لەكلتوورەكانی دیكە، بۆیە كەرەسەی شیكردنەوەكەش دەبێت بەچاوێكەوە بروانێتە پاشخانی دەقەكە بەو رادەیە نامۆ نەبێت.

پێموایە فیكری نوێی كوردی (ئەگەر هەبێت!) هەوڵ دەدات ئەوەی كەهەیە لەتوانای خۆی پتر باری بكات بەبێئەوەی گوێ بداتە ئەوەی كە ئەو چەمكە فیكری و ئەدەبییانە لەكەش و جوگرافیایەكی لەبار خولقاون و بەچەندین رۆچوون و داچووندا تێپەربوون تا لای كۆمەڵگەكانی خۆیان سەقامگیر بوون و كۆمەڵە عەقڵێكی هەمان جوگرافیا پێیانگەیاندووە ئینجا پەیرەوەكاریان بۆ پەیدا بووە، كەچی لای ئێمە یەكسەر بەبێ خۆماندووكردن و كەش و ژینگە دروستكردن دەقۆزرێنەوە، بۆیە ئەو چەمكانە تەنها بەكار دەهێنرێن وهێشتا نەمانتوانیوە شتی تازەیان لەسەر رۆبنێین.

ئەو چەمكە هزری و فەلسەفی و زاراوە ئەدەبییانەی لای سێكۆچكە فەلسەفییەكەی یۆنان "سوكرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆ" كاریان لەسەر كرا، هەروا كتومت بۆ تەواوی دنیا و ئەوروپا نەگوێزرانەوە، بەڵكو ئەوروپاییەكان كەرەستە خۆماڵییەكانی خۆیان لێ بەگەرخست و شتێكی تازەیان لێدروست كرد، یان پەرەیان پێداو شتی دیكەیان لەسەر

ڕۆنا. یان بیری بوودایی وەك لایەنێكی روحی چەندین سەدە تەنها هیندستان و چین و ژاپۆن و ئەندەنووسیا و میللەتانی ڕۆژهەلاَتی ئاسیای كردبووە نشینگەو نیشتمانی خۆی، بەلاَم ئەوروپاییەكان دوای چەرخی بووژانەوە لێی بەئاگا هاتن و "نێرڤانا" وەك چەمكێكی فەلسەفی و بوونگەرایی و هیچگەرایی بوو بە باگگراوندێك و ئیشی نوێیان لەسەركرد، گەر بەسەرپێچی لەقەلَەم نەدرێ، ئەوا زات دەكەم بلَێم كەسانی وەك "سارتەر" و "ئەلبێر كامۆ"و"سامۆئیل پیكیت" بەرەگ و پەرگەما دەچنەوە سەر هەندێ لایەنی نێرڤانا واتا گوزارشتی بوون یان نەبوون، یان پشتكردنە دنیا و تێپەڕاندنی دابە باوەكانی كۆمەلَ كە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتارەكانی خودی بوودا. ئەو سۆفیگەرێتییەی كە لەدنیای ئیسلامیدا لەكۆنەوە باوبووەو باوەری بەچەوساندنەوەی جەستەیە لەپای گەشانەوەی روحدا بمانەوێت یان نا ئەوا ماكێكی دەگەڕێتەوە سەر پشت لەدیناكردنەكەی بوودا.

چەمككەلی داهێنان وخوێندنەوەی دەق و هەلَوەشاندنەوەگەرایی ماوەیەكی كەم نییە وەك زاراوە هاتوونەتە نێو دنیای ڕەخنەی ئەدەبیمانەوە، بەلاَم پرسیارەكە ئەوەیە: ئاخۆ تەنها وەك چەمك و زاراوە بكارهێنراون، یان بەكارەكی مامەلَەیان لەگەلَدا كراوە؟ لەئەدەبیاتی كلاسیكیماندا كە بەشیعرەكانی "مەحوی"دا دەچینەوە هەست دەكەین "مەحوی" لە دەقی شیعریدا بە قوولَی لەو سۆفیگەرییەی ئیسلام ورد بووەتەوەو سوودی لە بودابیش بینیووە، بەلاَم كەرەستەیەكی كوردی لێ بەگەڕخستووە، دەربارەی خوێندنەوەی دەق و هەلَوەشاندنەوەگەراییش پێموایە زۆرمان پێوەناوەو ئەوەی دەقێك دەخوێنێتەوە، ئەوەندەی شتی لابەلا دەخاتەروو ئەوەندە كەرەستە كوردییەكان بەكار ناهێنێت. نكۆلَی لەوە ناكرێت كە لەم بارەدا كاركراوەو كەسانێك شوێندەستیان دیارە، بەلاَم كەرەسەی بەكاربردنەكەیان لەخۆمان دوور خستۆتەوە.

*** بۆچونێك هەیە دەلَێت بەراوردكردنی هەر ئەدەبێك بە ئەدەبێكی دی بەرهەمی نییە، هەر وەك چۆن ئەدەبی ئەوروپی بە بەراورد لەگەلَ ئەدەبیاتی دی، جگە لە كاریگەری، هیچ شتێكی دی ئاشكرا ناكات؟**

بەر لە هەر شتێك مرۆڤایەتی لەگەلَ جیاوازی ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و جوگرافیا هەندێك شتی هاوبەش كۆیان دەكاتەوە ئەویش مرۆڤایەتییە، بۆیە دەشێت خولیای مرۆڤی كیشوەرێك لە خولیای مرۆڤی كیشوەرێكی دی بچێت، گەرواش ڕێكەوت ئەم دوو مرۆڤە داهێنەری ئەدەبی بوون، بێگومان هەردووكیان بەدوو شێوازی جیاواز (ڕەنگە جیاوازی كلتوورەكانیان كاریگەر بێت) باسی جوانیی سروشت یان كارەساتەكانی سروشت بكەن، ڕەنگە وەك یەك بەگژ چەوساندنەوەدا بچن، حەز بە ئازادی





مرۆڤەكان بكەن، كەواتە خولیاو مەبەستەكان هەر یەكن و جیاوازی كلتوورەكان تام و چێژی گۆڕیوون، دەنا لێك نزیكن، هەندێك پێیانوایە ئەم دیاردەیە "توارد خواگر"ە، هەندێكی دی بە كاریگەری وكارپێكردنی تێدەگەن.

چەمكی بەراوردكاری پتر خەلَكی ئەكادیمی خۆیانی پێوەی سەرقالَ دەكەن، بەرهەمی ئەم كارەشی لەپالَ دەرخستنی لایەنی لێكچوونەوە، برێكجار یەكێك لەو دوو ئەدەبە بەراوردكراوە لەكەدار دەكرێت و بۆی هەیە بگاتە دزیی ئەدەبیش، بەلاَم من بۆ خۆم هەر دەیبەمەوە سەر دۆخە هاوبەشەكانی مرۆڤایەتی.

كاری بەراوردكاری لە زانكۆكانیش دەخوێنرێت، وەلێ ئەوەی بەم كارەوە سەرقالَە لە ئەنجامدا یەكێك لەو دوو ئەدەبە بە چاولێكەر دەزانێت وئەوی دیكە بەدەستپێشخەر.

گەر بەدوای بەراوردكاریدا بچین، ڕەنگە هەر لەئەدەبی كوردیدا ئەوەندە نموونە زۆر بێت لێرەدا جێگەی نەبێتەوە، من نالَێم كارێكی بێئاكامە، وەلێ بەچاو كاری دیكەی ئەدەبییەوە ئەوەندە بە بەهاداری نازانم، هەر بۆ نموونە "شێخ ڕەزای تالَەبانی" كە بە شیعری "داشۆرین" بە نێوبانگە، هاوكات پێش "شێخ ڕەزا" لە ئەدەبی عەرەبیدا "جەریرو فەرەزدەق"یش شیعری داشۆرینیان گوتووە، ئاخۆ دەكرێ فەحلێكی وەك "شێخ ڕەزا" بە چاولێكەری ئەو دوو شاعیرەی عارەب بزانین، پێموایە گەر شیعری "شێخ ڕەزا و جەریر و فەرەزدەق" بەراوردبكەین، ئەوا تەنها لەوشەی "داشۆرین" لەیەكدەچن و لایەنە هونەرییەكانی شیعری هیچیان ناچنەوە سەر یەك، چونكە شیعری "شێخ ڕەزا" لەرووی وێنەی شیعری و هونەری ڕەوانبێژییەوە لەنێو جەرگەی كلتووری كوردی و دابی كوردییەوە هەلَقولاَوە، بۆیە گەر شیعرەكانی لەگەلَ ئەو دوو شاعیرەی عارەبدا بەراوردبكەین ناكرێت بلَێین "شێخ ڕەزا" شوێنپێهەلَگری ئەوانە. نموونەی دیكە كە بۆ بەراوردی ئەدەبی بشێت شیعری " نالی و موتەنەبی" عارەبە دیارە، ئەم دوو شاعیرەش هەردووكیان شیعری "شانازی"یان گوتووە، بەلاَم هەر یەكەیان لە كەش و جوگرافیایەكی جیاواز ئەو جۆرە شیعرەیان گوتووە، بۆیە ئەم دووەش ڕەنگە تەنها لەوشەی "شانازی"دا یەكبگرنەوە.

لەگەلَ هەموو ئەمانەشدا لە ئەدەبیاتدا لەئەنجامی بەدواداچوون و زۆر خوێندنەوە، كاریگەری و كارتێكردن هەیەو ئەو نووسەرەش كە خاوەن پەیامی خۆیەتی هەر بایی ئەوە سوود لە بەرهەمی كەسانی دی وەردەگرێت، كە بەرچاوی خۆی روونتر بكاتەوەو فێری ئەو تەكنیكانەش بێت، كە گەورە نووسەرانی پێش خۆی كردوویانەتە ئەزموونێك، ئەگینا تۆ بێیت دەقێكی ئەدەبی كیشوەرێك لەگەلَ دەقێكی ئەدەبی كیشوەرێكی دیكە بەراورد بكەیت، ڕەنگە ئەنجامەكەی هەر ئەوە بێت بلَێیت ئەمەیان چاوی لەوەی دیكە كردووە.

*** چۆن دەتوانین بەراوردێك لەنێوان هەردوو چەمكی نوێخواز و داهێنان بكەین، لەكاتێكدا ئەمە بووەتە گرێیەكی دەروونی زۆربەی ئەو كەسانەی كە لەنێو ئەدەبی كوردیدا بەرهەمیان هەیە؟**

نوێخواز و نوێخوازی هەر لەسەرەتای بیستەكانی سەدەكانی دی بەو مانایە بەكارهێنراون، كە كۆمەڵە منەوەرێكی ئەو سەردەمە، وشەو رستەی كوردییان لەمانا كۆنەكەی خۆی نەهێشتەوەو بۆ مەبەستی دیكە بەكاریان هێنا، ئەمە سەرەڕای دەستكاریكردنی فۆرمی شیعری كوردی، ئەوەی تۆ ناوی دەنێیت گرێی دەروونی ئەدیبی ئەمڕۆ، دەبینین ئەو نووسەرو شاعیرانەی ئەوسا لەپای سەرخستنی پرۆژەی نوێكردنەوە هاوكاری یەكتریان دەكردو هەر یەكەیان ئەوی دیكەی لەخۆی بەنوێخوازتر دەزانی، تەنانەت "گۆران"ی شاعیر كە نوێخوازییەكە بەناوی ئەوەوە ناسرا، كەچی "شێخ نووری شێخ ساڵح"ی بە "سەرۆك" زانیوە. یان گرووپی كەركوك لەشەستەكاندا بۆ بەرقەراركردنی پرۆژە ئەدەبییەكەیان هەر یەكەیان بەشێوازی خۆی بەژانەری ئەدەبی جیاوازەوەو پاڵپشتی ئەو رەوتە نوێیەی كردووە.

پێموایە ئەو گرێ دەروونییەی كە تۆ مەبەستتە، پتر لە ململانێی نووسەرانی سەردەمی روانگەوە دەست پێدەكات و ئێستاش تا رادەیەك شوێنەواری هەر ماوەو هەندێك كەس بانگەشەی یەكەمایەتی دەكەن. من لەو باوەڕەدام نووسەری خاوەن پەیام و هاوكات داهێنەر توخنی ئەو لافلێدانە ناكەوێت و بۆ رەخنەی زانستی جێدەهێڵێت.

رەنگە بەراوردكردنی هەردوو چەمكی نوێخوازو داهێنەر ئەستەم بێت، چونكە هەموو داهێنانێكی باش بۆ خۆی نوێخوازییە، ئەوەندە هەیە ئێمە بەو چاوەوە دەڕوانینە نوێخواز، كە لە قۆناغی پێش خۆی هەڵگەڕێتەوە، هەندێكجار هەڵگەڕانەوە كە ئەوەندە توندوتیژ دەبێت پێیگوتراوە "كودەتا" كە مانایەكی سەربازیش لەخۆ دەگرێت.

لێرەدا گەر مەبەست لەنوێخواز تەنها فۆرم گۆڕین بێت، ئەوا مەسەلەكە دەبێتە خۆڵ لە چاوكردن، خۆ ئەگەر مەبەست لە دنیابینی و گوزارشتی دەق دەبێت، ئەوا مانای نوێ فۆرمی نوێیگەرەكەیە.

كەواتە داهێنان و نوێخوازی بە توندی پێكەوە گرێدراون، چونكە هەموو كارێكی نوێ و دوور لە لاسایی داهێنانە رێگە بە خۆم دەدەم كە بڵێم هەموو كاێكی ئەدەبی و هزری مادام كارێكی تاكە كەسی و خودییەو پەیوەستە بە هزرو ئەندێشەی تاكە كەسێكەوە، بۆیە ئەوەی لەبیرو ئەندێشەی خۆی هەلی دەهێنێت داهێنانە، ئیدی مەرج نییە داهێنانەكەی ناوازەو دانسقە بێت، رەنگە هەندێكجار بە دڵیشدا نەچێت، كەواتە داهێنان یان باشە یان خراپ.

لە ئەنجامدا وای بۆ دەچم هەموو داهێنانێكی گەورە بۆ خۆی نوێخوازییە، چونكە



تەنها داهێنەری گەورە پەی بە شتە نادیارو نوێیەكان دەبات.

***لەگەڵ هاتنی چەمكی جیهانگەراپی دەرگای بەرووی هەموو شتەكاندا والاكردو نهێنی و سیحری بۆ دەق نەهێشتووەتەوە، بە پێچەوانەوە ئەمەش بۆچونێك هەیە كە جیهانگەرایی هەرچی زیاتر شتەكانی كاڵترو بێبەهاتر كردووە، ئەمە چۆن دەبینی؟**

ئەمڕۆ بەهۆی ئەو تەكنۆلۆژیایەوە هیچ شتێك بە سادەیی خۆی نەماوەتەوەو خەریكە ئەو شتانەی لای ئێمە پیرۆزبوون وا پەیتاپەیتا كەنارگیر دەبن، یان كاڵدەبنەوە، تەنانەت رەفتاری بنیادەمەكانیش لەسەر رەوتی خۆی نەماوە، ئەمەش رەنگە لە ئایندەیەكی نزیكدا كارێكی وا بكات كلتوورێكی تایبەت بە میللەتێك یان وڵاتێك وەك خۆی نەمێنێت و كلتوورەكان تا رادەی تێكەڵبوون لێك نزیكببنەوە.

لە بارێكی ئاوهاشدا مرۆڤی سەردەمەكان هەموو شت و كەرەستەیەكی بە ئامادەكراوی دەخرێتە بەردەست و وەك چۆن لە بواری بەرهەمهێناندا دەبێتە كەسێكی بەكاربەر "مستهلك"، یا مشەخۆر، لە بواری داهێنانی هزری و ئەدەبیشدا هەمان مشەخۆر دەبێت، چونكە لە بری ئەوەی چەندین سەعات بە خوێندنەوە خەرج بكات، یان بە دووی سەرچاوەی دەگمەندا بگەرێت، ئەوا لە رێگەی ئینتەرنێتەوە هەموو شتێكی بە ئامادەكراوی دێتە بەر دەست. هەرچەندە شۆڕشی تەكنەلۆژیا، كاری داهێنانی ئەدەبی و فیكری تا رادەیەك خاوكردۆتەوەو بە رواڵەت سیحری ئەفراندنیشی بەتاڵكردووەتەوە، بەڵام پێموایە مرۆڤی داهێنەرو عاشق لە هەموو سەردەمێكدا لە بزاوتندایەو هاوكات سوودیش

> **وای بۆ دەچم هەموو داهێنانێكی گەورە بۆ خۆی نوێخوازییە، چونكە تەنها داهێنەری گەورە پەی بە شتە نادیارو نوێیەكان دەبات**

لەبەرهەمی تەکنەلۆژیا وەردەگرێت. ئەی ئەوە نییە لەنێو خێرایی ئەم تەکنیکەدا ڕۆمانی کۆدی داڤینشی دان براون و بەفری ئۆرهان پامۆك و شاملۆ کوردی و من و ڕۆژگاری سەمیر نەقاش و جنۆکەی غازی عەبدولڕەحمان ئەلقوسەیبی و شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی دەخوێنینەوە، دیارە هەمووشیان بەرهەمی سەردەمی ئەم جیهانگەراییەن؟ پێموایە مرۆڤی داهێنەر تواناو ئەزموونی خۆی ڕاناگرێت و لەگەڵ داهێنراوە نوێییەکانی سەردەمی خۆی جۆشدەسەنێت. ئەو کاڵبوونەوەیە سیحری دەقی ئەدەبی بۆ ئەو کەسانە ڕاستە کە شتە گەوهەرییەکانیان کردووەتە قوربانی شتی ئامادەکراو بە دووی بواری پەڕینەوەدا ناگرێن.

*** "هیلیس میلەر" لە کتێبێك بەناوی ئەخلاقیاتی خوێندنەوە، بۆ خوێندنەوەی دەق ،باسی ئیلتیزام دەکات، ئایا ئێمە خوێنەرێکمان هەیە ئەوەندەی یەخەی دەق بگرێت، ئەوەندە نەپڕژێنە سەرکەسایەتی دەق، ئایا دەتوانین چی بکەین ئەم فەرهەنگە بکەینە باو؟**

چەمکی ئەخلاقی بەمانا فەلسەفییەکەی پەیوەستە بە سروشتی دیدو بۆچوونمانەوە، ئینجا لەم ڕوانگەیەوە شتەکان یان دەبنە باش یان خراپ. دیارە ئەمەش شتێکی ڕێژەییە، چونکە ناکرێت هەموومان بەیەك چاوەوە بڕوانینە جوانی یان ناشرینی.

ئەوەی بەلای تۆوە جوانە ڕەنگە لای من ناشیرین بێت، ئیلتیزامە ئەخلاقییەکە ڕەنگە لای من ڕێزگرتن بێت لەبەرهەمی بیرو ئەندێشەی تۆ ئیدی مەرج نییە ڕوانینی من بۆ بەرهەمەکە چییەو چۆنە، گرنگ ئەوەیە بێئەوەی بیر لە چۆنییەتی خودی تۆ بکەمەوە بەرهەمەکەت دەخوێنمەوە بیر لەو ڕێچکە فیکری و دۆخی ئیستاتیکایە دەکەمەوە کە دەقەکە پێم دەبەخشێت، نەك خودی ئێستای خۆت.

ڕەنگە تۆ سەر بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو بیت، بەڵام دەقەکەت ئەوەندە وەستایانەو هونەرییانە دارشتووە هەم جێگەی ئایدۆلۆژیاکەی خۆت تێیدا کردووەتە هەم چێژو جوانی و هونەرو ئیستاتیکات بە ئێمە بەخشیووە.

سارتەر پێیوایە "مرۆڤ ئەوەیە کە پێناسەی خۆی پێدەکات" هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بنیادەمی نووسەر لە دەقێکدا پێناسەی خۆی بکات و دەلوێت بەهیچ جۆری کەسێتیەکەی لەنێو دەقەکەدا سەرهەڵنەدات و ون بێت.

دەربارەی وابەستەیی ئاکاری خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی دەق بیروبۆچوونی جیاجیا هەیە یەکێك لەو ڕەخنەگرە پێشەنگانەی فەرەنسا (سانت بیف)ە، کە پێیوایە بەر لەوەی دەقێکی ئەدەبی هەڵسەنگێنرێت دەبێت لەسەر خاوەن دەقەکە هەڵوەستە بکەین، هەندێکی دیکە کارەکە بە پێچەوانەوە دەبینن. دەقێك هەر ئەوەندە دەقنووس خاوەنێتی



تا دەگاتە خوێنەر، ئیدی لە دەست ئەو دەترازێت و خوێنەری لێکۆڵەرەوە ڤالاییی و فەزاییەکی دیکە بۆ خوێندنەوەی دروست دەکات.

لە ڤالاییە نوێیەدا نووسەری دەقەکە چ بوونێکی نامێنێت ئەو کەرەستە گەلێك لە لێکدانەوەی خۆیدا بەکاردەبات بەهیچ جۆری ناچێتەوە سەر ڕەفتارو ئاستی ژیری و نا ژیری نووسەری دەق. توێژەرەوە لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت ڕەهەندو گوزارشتی دەقەکە پەنجانوما بکات، ئاوهاش دەق و نووسەری دەق لە دیدی توێژەرەوە دەبنە دوو دنیای جیاواز. بۆ باوکردنی ئەم فەرهەنگە پێموایە دەبێت خوێنەری ڕەخنەگر لە خوێندنەوەکەیدا ئەوەندە بێلایەن بێت سەربەخۆییەك بە دەق ڕەوا بنێت و واز لە وەش بێنێت کە لە سۆنگەی ئیدیۆلۆژیای جیاوازو بارگرژی نێوان خۆی و خاوەن دەق ناوازەترین دەقی ئەدەبی و فیکری بباتە شەرای مەرگەوە، یان پەراوێزی بخات.

*** پرسیارێك لە دەرەوەی بابەتەکە هەیە، دەمانەوێت پرسی تیرۆر موناقەشە بکەین لە ڕووی ئەدەبییەوە، لە کاتێکدا ئەم چەمکە تەنها لەنێو کایەی سیاسەتدا کاری پێدەکرێت، گومانیش هەیە کە هەموومان ڕێککەوتنامەیەکمان مۆرکردبێت لەسەر پێناسەیەك بۆ تیرۆر، ئایا چۆن دەتوانین لە ڕووی ئەدەبییەوە لەم چەمکە حاڵی بین؟**

تیرۆر ئەو کردە ترسناك و تۆقێنەرەیە، کە لە تاریکی و لەو دیوی دیوارو پەردە ئەستوورەکانەوە لەلایەن تاقە کەسێکەوە یان گروپێکەوە بەڕێوە دەچێت، ئامانجەکەشی رووخاندنی باری دەروونی و ئابووری و هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی و سیستمی ژیانی بەرامبەرە نەیارەکانە، بەڵام لەم کردەیەدا زۆرجار مرۆڤەکان هەموو دەبنە نەیارو تەرووشك پێکەوە دەستووتێن.

مێژووی تیرۆر بەقەد مێژووی مرۆڤایەتی کۆنەو لە هەر سەردەمێکدا شێوە سیستمێکی تێدا بەکارهێنراوە، ئیدی لە جەنگە ترسناکەکانی سەدە تاریکەکانی ئەورووپاو دواتر لە دەسەڵاتی ڕەهای کەنیسەوە بگرە تا دەگاتە لەنێوبردنی هەرسێ خەلیفەی موسڵمانان، عومەرو عوسمان و عەلی، ئیدی لێرەوە ناکۆکی شەڕە دەسەڵات و خانەدانی و نا خانەدانی بنەماڵەو خێڵ و عەشیرەت و تیرەگەری دەست پێدەکات، تا لە زەینی فیقهدا مەزهەبایەتی سەرهەڵدەدات و دەگاتە کوشتارە خوێناوییەکانی ئەمەوی و بنەماڵەی عەلی "خوا لێی ڕازی بێت" هەموو ئەمانەش دەرهاویشتەی وەك باتینییەکانی لێ پەیدا دەبێت، کاری تیرۆر وەك کلتوورێك گەیشتە کوشتارە ترسناکەکانی مەغول و تەتارو جەنگە گەورەکانی جیهان هەر لە نزیك خۆمانەوەو لە مێژووی نوێدا لە عیراق هەموو کودەتا سەربازییەکان بەهەر ناوێکەوە بێت تیرۆر

یەکێکبووە لە بنەما سەرەکییەکانی وەك تێداچوونی بەکرسدیق- ی کوردو مەلیك غازی و دەسەڵاتی پاشایەتی و عەبدولکەریم قاسم، تا دەگاتە سەردەمە تاریکەکەی بەعس و سەدام. پێموایە کاری تیرۆر بەتایبەتی لەم رۆژهەڵاتەدا بەشێوەیەکی رێکخراوو سیستماتیك لە باتنییەکانەوە دەست پێدەکات، کە خوداوەندی رێکخراوە کە حەسەنی سەباح لە رێگەی کۆمەڵێ پیاوی خەسێنراوەوە بەنهێنی و لە تاریکیدا نەیارەکانی خۆی لەنێوبرد. ئەو کردە تیرۆرییانەی حەسەنی سەباح ئایدۆلۆژیایەکی مەزهەبی و نەتەوەیی لە پشتەوە بوو کە دەیەویست لە رێگەی کزکردنی دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسییەوە دەسەڵاتی دەوڵەتی فارس و شکۆمەندی ئێران بگەڕێنێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش ئایینی ئیسلامی کردبووە دەستکەلا، پێموایە ئەوەی ئەمرۆ دەکرێت رەنگە تەنها شێوازەکەی گۆرابێت ئەگینا ماکی تیرۆر هەر لەو سەرچاوانە سەری هەڵداوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە پشت کاری تیرۆرەوە ئایدۆلۆژیایەك یان بەرژوەندییەکی نەگریس کاردەکات و بەردەوام خەریکی راوکردنی عەقڵی خاوو زرکەتاڵ ئاسایەو زیرەکانەش نوێترین کەرەستەی هەموو سەردەمێك بەکاردێنێت.

رەنگە سوود لە سیحری ئەدەبیات و ستاتیکاش وەربگرێت، پێموایە هزرو ئەدەبیات و هونەریش گەر پەیامە راستەقینەکەی خۆیان لە دەستدا ئەو دەمە لە گوینە لە رێگەیەکی دیکەوە خزمەتی تیرۆر بکات. بۆ وێنە لە هونەری سینەما گەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، رەنگە وەك مەشق و فێرگەی تۆقاندن تەماشا بکرێت و نەیارانی مرۆڤایەتی سوودی لێوەربگرن.



# «حکومەتی کوردیی، به واتا زمانی دەستوریی و ستانداردی کوردیی»



د. محەمەد مەحوی

سازدانی: ئەکرەم محەمەد و کاروان ئیبراهیم

**(د.محەممەد مەحوی) مامۆستا لەکۆلێژی زمان بەشی کوردی لەزانکۆی سلێمانی، لەم چاوپێکەوتنەدا لەسەر زمانی ستانداردی کوردی و گرنگی زمانێکی ستاندارد بۆ گەلی کورد قسە دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زمانی کوردی بەواتای مێشکی کوردی دێت، کاتێك زمانێکی ستانداردی کوردی نەبوو، کەواتا مێشکی کوردیش بوونی نییە، د.محەممەد رەخنە لەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەگرێت، کە تا ئێستا بەجدی کاری نەکردووە بۆ دروستکردنی دامەزراوەی پێشخستنی زمانی کوردی، لەم چاوپێکەوتنەدا لەسەر زۆر لایەنی تری زمانی ستاندارد، روانینی خۆی دەخاتەڕوو.**

***ئەو بارودۆخەی ئێستا زمانی کوردی تێدایە، چۆن هەڵیدەسەنگێنیت؟**

وێنە، ئاوێنەی بارودۆخی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانە لەرووی کارگێڕییەوە، لەدامودەزگاو لەدامەزراوەکاندا دەیبینین، لەزمان و بەکارهێنانی زماندا خۆی دەنوێنێتەوە، چونکە زمان راستە بۆماوەییە، بەشێکی بایۆلۆجی مرۆڤە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو هۆی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن یەکێکە لەهەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ، بۆیە دەڵێم وێنە ئاوێنەی ئەوە، چونکە حکومەتێکی کوردی کە بەمشێوەیە بۆیەکەمجار لەهەرێمی کوردستان و لەخوارووی کوردستاندا هەمانە، دەبێت زمانێکی ستانداردی خۆی هەبێت، بەداخەوە کە نییەتی. ئەو زمانە ستانداردە، ئەو کرۆکەی زمانە کە هەموو زارو وەچە زارەکان هاوبەشن تیایاندا، بەواتا زارو وەچە زارەکان جیاوازیان هەیە، بەڵام لەبنەرەتدا هاوبەشیشیان هەیە، ئەو هاوبەشیەیە کە هەموومان وا هەست دەکەین زمانێکمان هەبێت کە ناوی زمانی کوردییە. ئینجا ئێمە کە ئەو زمانە ستانداردەمان نەبوو بەواتا زمانی راگەیاندنمان، زمانی وێژەوانیمان، کە ئێوە پێیدەڵێن زمانی ئەدەبی، زمانی هۆکانی راگەیاندن، چ بینین بێت چ بیستن و خوێندنەوە، ئەمانەمان هەموو بە کەموکورتی دەبێت، کە زمانە ستانداردەکەمان نەبوو، زمانی نووسینی دامودەزگاکانی حکومەتمان نابێت، زمانی نووسینی دامەزراوەکانی خەڵکی ناو شار و شارۆچکەکانمان نابێت. لێرەوە حەزدەکەم دوو زاراوە لەئێستاوە بۆ هەمووتان ئاشکرا بێت، دامودەزگا هەموو ئەو دامەزراوانەیە کە حکومین، دامەزراوە هەموو ئەو موئەسەسانەن کە ئەهلین. ئێمە کە زمانی ستانداردمان بوو ئەمانە نەبوو، واتا زمانی ستانداردی خوێندنیشمان نییە. ئەو زمانەی کە لەقۆناغەکانی خوێندندا دەخوێنرێت، زمانی باڵا یان زمانی ستانداردی کوردی نییە، شێوەیەکە لەشێوەکان کە لەزمانی ئاخاوتنی رۆژانەوە وەرمانگرتووە، پڕە لەکەموکورتی، پڕە لەهەڵە، تەنانەت بەرنامەکانی خوێندن کە دێتە بەرچاو کەسێکی مامۆستای پسپۆڕی زمان کە بە ئاگا بێت لەزانستی زمانی کوردی، سەری سوردەمێنێت کە چۆن منداڵی ئێمە بەم زمانە پەروەردە دەکرێت! ئەمە بارودۆخی گشتیی زمانی کوردی ئەمرۆمانە، ئەوەی گرنگە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەزگایەکیشمان نییە وەکو نەتەوەکانی تر، تا لەرێی ئەو دەزگایەوە زمانێکی نووسینمان هەبێت لەسەر بنەمایرێزمانی کوردی، بە واتا ئەو بێسەروبەرییە، ئەو پەرشوبڵاوییە، لەوەوە کەوتۆتەوە کە نە زمانی ستاندارمان هەیە، واتا زمانی نووسینمان نییە، کە دەزگایەکمان نییە بۆ کۆنترۆڵکردن.

*** کەواتە زمانی ستانداردی کوردی بە چ واتایەك دێت؟ چۆن دەتوانرێت دروستبکرێت؟**





جارێك زمانی ستاندارد دروستناکرێت، زمانی ستاندارد کرۆکی زمانەیەکە کە ئێمە هەموومان بە زار و زارۆچکەکانمانەوە هاوبەشین تیایاندا، ئەو زمانەیە کە زمانەوان و پسپۆڕانی زمان لەرێی لێکۆڵینەوەکانیانەوە لەمۆرفۆلۆژی کوردی یان لەسینتاکسی کوردی یان لەفۆنۆلۆژی کوردی یان لەواتاسازیی کوردیدا لەزمانی ئاخاوتنی دەردەهێنن و هەڵیدەهێنجێنن، بە پێی رێساو یاساکانی ئەو زمانە، ئەو زمانە ستانداردە دەردەهێنرێت، واتا شتێك نییە ئێمە دروستی بکەین، کرۆکی زمانەکە لەزمانی ئاخاوتنەکەمان دەردەهێنین، بەپێی رێساو یاساکانی زمانەکەش زمانی نووسینە کەدادەنێین و دایدەرێژین، زمانی نووسینەکەش بە هەموو لایەنەکانییەوە، بە دروست نووسینەوە کەرێنووسە، بە دەستوری نۆت نووسینەوەوە کە نۆتنەیشنە، بە خاڵبەندییەوە، بە هەموو ئەو پێویستییانەوە کە هەیەتی، بە داخـەوە ئێمە تا ئێستا زمانی نووسینی ستانداردمان نییە، زمانێکی نووسینمان هەیە هەرکەس بە ویستی خۆی دەنووسێت، ئەگەر سەیربکەین زمانی فارسی زمانێکی نووسینی ستانداردی هەیە، بێجگە لەزمانی نووسینی چاپ، ئێمە پێویستمان بەو دوانەیە، من وەکو کەسێك لەلیژنەی دانانی بەرنامەی خوێندندا، ئاماژەم بەوەداوە، کە ئەمە پێویستییەکە کە دەبێت هەمانبێت.

*** بە بۆچونی تۆ هۆکار چییە تا ئێستا زمانێکی ستانداردی کوردیمان نییە، کە هەموو کوردێك لێی تێبگات و پێی بنووسێت و قسەی پێبکات؟**

**زاری سلێمانی لەدروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە زاری دەستورییە، بە واتا زمانی رەسمییە، ئێستا پێویستە ئەو زمانە بکرێت بە زمانێکی شێوازبەندو بەشێوەیەك کە ببێت بە زمانی ستاندارد**

**ئێستا ئەو پسپۆڕانەی کە هەمانن بەشێکی کەمیان پسپۆڕن لەزانستی زمانی کوردیدا، ئەوانی تریان هەموو زمانەوانن لەچێوەی قوتابخانەی کلاسیکی عەرەبیدا**

من حەزەکەم ئاماژەیە بەوەبدەم هەم (مەکەنزی) هەم مامۆستا (جەمال نەبەز) ئاماژەیان بەوەداوەو دانیان بەوەدا ناوە کە زمانێکی دەستوری هەیە لەخوارووی کوردستاندا، واتا زمانێکی رەسمیی هەیە، ئەویش کە زاری سلێمانی کرمانجی ناوەڕاستە، بەڵام ئەو زمانە دەستورییە زمانە ستانداردەکەی بۆ جیانەکراوەتەوە، کە زمانی ستانداردی بۆ جیانەکراوەتەوە، زۆر هۆ هەبووە، هۆی سەرەکی ئەوەبووە کە زمانەوان نەبووە پسپۆڕبێت لەزانستی زماندا بەگشتی لە زانستی زمانی کوردیدا، ئێستاش ئەو پسپۆڕانەی کە هەمانن بەشێکی کەمیان پسپۆڕن لەزانستی زمانی کوردیدا، ئەوانی تریان هەموو زمانەوانن لەچێوەی قوتابخانەی کلاسیکی عەرەبیدا، هەتا ئێستا زۆربەی زمانەوانەکانی ئێمە کە مامۆستای زانکۆکانیشن لەلێکۆڵینەوەکانیاندا، تیۆرییەکانی زانستی ئەمڕۆ بەکارناهێنن، کە ئەوە نەبوو بە واتا لێکۆڵینەوەمان نییە بەپێی پێویست زمانەکەمان شیبکەینەوەو پەسەندی بکەین، بەواتا وەسفی بکەین لەسەر بنەمای ئەوە زمانی ستاندارد دابنێین. هۆیەکی تریان بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە حزب و پارتەکانی کوردستان لەڕاستیدا لەدوای ڕاپەڕینیشەوە بایەخیا بەوە نەداوە، پێویستە دان بەوەدا بنێین زاری سلێمانی لەدروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە زاری دەستورییە، بە واتا زمانی رەسمییە، ئێستا پێویستە ئەو زمانە بکرێت بە زمانێکی شێوازبەندو بەشێوەیەك کە ببێت بە زمانی ستاندارد، کەسانی وەکو ئێمە بە داواکردن لەشێوەی پرۆژەدا تەنانەت بە سەرۆکی هەرێم تەنانەت بە سەرۆکی حکومەت، هەم لێرەش و هەم لەهەولێریش پێشکەشمان کردوون، وەڵامی پرۆژەکانمان نەدراوتەوە نە بە پۆزەتیڤ نە بە نێگەتیڤ، دووساڵ بۆ سی ساڵە کە دووبارەشی





دەکەینەوە داواکارییەکانمان هەر بێوەڵام دەمێننەوە، زۆر دەمێکە داوای ئەوە دەکەین دەڵێین دەبێت دەزگایەك هەبێت بۆ ئامادەکردن و نووسینەوەی فەرهەنگی کوردی-کوردی. وەکو ئۆکسفۆردی ئینگلیزی، وەك دودنی ئەڵمانی، وەکو ئەوەی کە ئێستا لەئێراندا بۆیان ئامادەکردووەو هەزاران کەسیان بۆ پێگەیاندووە، چەند وەختە داوا دەکەین و دەڵێین پێویستە دەزگایەك هەبێت بۆ پێداچونەوە بە زمانی نووسیندا، بۆ داڕشتنی زمانی نووسین، بەداخەوە کەس لەو بەرپرسانە وەڵام نادەنەوە، بۆچی پارتەکان و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم بەرپرسیارن؟ چونکە ئەگەر زمانەوانیشمان نەبێت بۆئەوە دەبێت پێی بگەیەنن، ئێمە دەڵێین کۆلێژی زانستی زمانمان پێویستە، چونکە ئەوە کاری کۆلێژی زمانە، نەك کاری بەش و ئەدەبی زمانی کوردی! چەند وەختە داوادەکەین دەڵێین با کۆلێژێکی زانستی زمان بکەینەوە، کەسانی تەواومان هەیە بۆ ئەو کۆلێژە، بیری لێناکەنەوەو بە خەیاڵیاندا نایەت، کاتێك کە تۆ دەڵێی زمانی کوردی بەشێکە لەزمانی دەستوری عیراق دەبێت زمانێکی ستانداردت هەبێت، کە تۆ داوای ئەمە دەکەیت و دەڵێیت لەدەستوردا هەیە، ئەی بۆ بە کردەوە کاری بۆناکەیت؟ کی بەرپرسیارە لەمە، ئەوەی بەرپرسیارە سەرۆکایەتی هەرێمە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی وەزیرانە، پەرلەمانی کوردستانە، بە تایبەتی لیژنەی پەروەردەو زانستە لەپەرلەمانی کوردستاندا، ئەگەر کار بۆئەوە بکرایە کە کۆلێژێکی زانستی زمان بکرایەتەوە، دەمێك بوو کار بۆئەوە کرابوو دەزگایەکی ئامادەکردن و نووسینەوەی فەرهەنگی کوردی-کوردی هەبێت.

## *کەواتە هەوڵی ڕۆشنبیران و زمانزانانی کورد چی لێدێت؟

برای بەڕێز پەیوەندی بە ڕۆشنبیرانەوە نییە ئەم کارە، ئەگەر تۆ ڕیخۆڵە کوێرەت بێت دەچیت بۆلای پزیشك یان دەچیت بۆلای ڕۆشنبیران؟ دەچیت بۆلای پزیشك، بۆلای پزیشکێکیش دەچیت کە پسپۆڕە لەو نەخۆشییەی تۆدا، کە دەتوانی دەستنیشانی بکات و نەشتەرگەریت بۆبکات و دوایش چارەسەرت بکات، ئەمە کاری زمانەوانە، کاری ئەوانەن کە پسپۆڕن لەزانستی زمانی گشتیداو لەزانستی زمانی کوردیدا، ئەمە کاری دەزگایەکە پێیدەڵێن ئامادەکردن و نووسینەوەی فەرهەنگی کوردی-کوردی، ئەمە کاری کۆلێژی زانستی زمانە.

لەدەستوری عیراقدا چەسپاوە دەڵێت، زمانی دووەم لەعیراقدا زمانی کوردییە، ڕاست نییە، خۆیان دانی پیدانانێن، ئەگەر دانی پێدا بنێن کاری بۆدەکەن. بۆ وەکو پێم ووتی لەدروستبوونی عیراقەوە زاری سلێمانی کرمانجی ناوەڕاست کە ئەو زارەیە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەخواروی کوردستان قسەی پێدەکرێت و پێی دەنووسرێت و بووە بە زمانی دەستوریی بۆ ئێستا لەئەنجومەنی وەزیرانی ئێمە پەرلەمانی ئێمە

دان بەو راستییەدا نانێت و بڵێت ئەوەتا زمانێکی دەستوریمان هەیە، کە ئەو زارەیە با کاری بۆ بکەین بیکەین بە زمانێکی ستاندارد! بیکەین بە زمانێك کە شیاو بێت بۆ ئەو بڕیارەی کە لەدەستوری عیراقدا دراوە، بەرپرسیار ئەوانن کەدەسەڵاتیان هەیە کەسانێکی تر نین.

*** باسی ئەوەت کرد کە دەزگایەك نییە بۆ خاوێنکردنی زمانی کوردی، ئێمە دەزانین لەرابردوودا لەکوردستان کۆڕی زانیاری کورد هەبوو کە کاریان دەکرد بۆئەوەی زمانی کوردی پێش بخەن، ئێستا چی دەزگایەك هەیە کە ڕۆڵێکی وا بگێڕێت؟**

من نامەوێت لەکارو بەرهەمەکانی کۆڕی زانیاری کورد کەم کەمەوە. کاریان کردووەو خۆیان ماندووکردووە لەچێوەی ئەو توانا زانسیەیدا کە هەیانبووە، ئەو توانا زانستییە زۆر لەئاستی خوارەوەی ئاستی زانستی زمانی ئەمڕۆدایە، ئەو نەیتوانیوە بە ئەرکەکەی خۆی هەستێت، لەبەر ئەو توانایەی کە ئەو سەردەمە هەیبووە، لەسایەی حکومەت و حزبێکدا کە کوردی چەوساندۆتەوە. ئەمڕۆ خاوەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانین، ئەمڕۆ دەیان کەسی وەکو من لەدەرەوە خوێندنی تەواوکردووە، چەند ساڵێك مامۆستا بووە، خزمەتی کردووە، کەسانێکی وەکو (د. محەممەد مەعروف فەتاح) کەسانێکی وەکو (د. وریا) کە چەند ساڵە لەو بوارانەدا کاردەکەن، کاری ئەمانەیە. ئێستا ئەمانە دەبێت کە دەزگایەك دروست دەبێت لەو دەزگایە کاربکەن، بۆئەوەی کۆنترۆڵی زمان بکەن، کۆنترۆڵی زمان چییە؟ ئێمە کە دەڵێین دەزگایەکمان هەبێت بۆئامادەکردن و نووسینەوەی فەرهەنگی کوردی-کوردی، ئەو دەزگایە بریتییە لەچەند بەشێك، یەکێك لەبەشەکانی بەرپرسیاری دروست نووسینە، بە واتا ئۆرسۆگرافیە بە خاڵبەندیی و بە هەموو شتەکانییەوە، بە واتا ڕێنووس و هەموو ئەوانەی کە ئەوە دەگرێتەوە، یەکێکیان پەیوەندی بە فەرهەنگەوە هەیە، ئەم وشەیە واتاکەی چییە لەچ پۆلە ڕەگەزێکە؟ کاتێگۆریە؟ چۆن بەکاردێت؟ ئەگەر ڕۆژنامەیەك ناونیشانێکی بۆخۆی هەڵبژارد ئایا ئەو ناونیشانە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا گونجاوە؟ یەکێك منداڵەکەی ناودەنێت ئایا ئەو ناوەی کە بۆ منداڵەکەی دادەنێت ناوێکی کوردییەو بۆ کورد دەگونجێت یان ناگونجێت؟ کەسێك دوکانەکەی ناوێکی لێناوە ناوەکە نیوەی عەرەبییەو نیوەی کوردییە یان هەر کوردیشە ئایا ئەو ناوە کوردییە بۆ ئەوشتە دەگونجێت؟ لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت؟ ئینجا ئایا ئەو زمانەی کە دامودەزگاکانی ئێمە لەزمانی نووسیندا بەکاریدێنن، نووسراوەکانی کە بۆمان دێت ئایا شێوازی نووسینی دامودەزگای حکومەتی هەیە؟ ئایا لەئاستی زمانە ستانداردەکەدایە؟ ئایا وەزیرێك کە وتارێك دەدا، سەرۆکی هەرێم، وەزیری ڕۆشنبیریی، وەزیری خوێندنی باڵا کاتێك قسەکانیان دەکەن، ئایا بە زمانی ستاندارد دەدوێن؟ ئایا بەو زمانە دەدوێن کە پێویستە کەسێکی کە لەو پۆستەدایە بەو زمانە





بدوێت کە لەدەستوری عیراقدا دەڵێت، ئەمە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا زمانی دەستوری وڵاتەکەی ئێمەن؟ ئەمانە هەموو پێویستن، بەڵام ئێمە کەسانێکمان هەیە هەم وەزیرەو هەم سیاسییە، کاتێك کە دەدوێت وا دەزانێت لەناو بازارەو خەریکی کاسبیە، من بۆیە بەم شێوەیە دەدوێم بۆئەوەی ئازاریان بدەم بیربکەنەوە، زمان و مێشك پێکەوە بەندە، کاتی دەڵێیت زمانی کوردی بە واتا مێشکی کورد، بەواتا چۆنێتی بیرکردنەوەی کوردو دارشتنی ئەو بیرکردنەوانەو ئەو بیرانە بە وشەکانی زمانی کوردی کە ئەو نەتوانێت بەو زمانە کوردییە بدوێت کە زمانی مێشکیەتی، بە واتا بە زمانی کوردی لەگەڵ مندا نادوێت، من دەمەوێت ئەوە زمانی ستانداردی کوردی بێت، من دەمەوێت ئەوە زمانی دەستوری کورد بێت لەدامودەزگاکانی حکومەتدا، لەدامەزراوەکانی خەڵکی کوردستاندا، لەقۆناغەکانی خوێندندا لەهۆیەکانی ڕاگەیاندندا. بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا کە هەڵبژاردنە کەسانێك دێن بۆ خەڵکی قسەدەکەن. ئەمە هەمووی من پێت دەڵێم لەدوای ڕاپەڕینەوە لەدوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیاری یەکەمن، هەرچییەك لەم بارەیەو ڕوودات لەئەستۆی ئەواندایە.

*** ئێستا لەکوردستاندا ڕاگەیاندنێکی زۆر هەیە، ئایا ڕۆڵی ڕاگەیاندن چییە لە پێشخستنی زماندا؟**

ئەگەر ئەو زمانە ستانداردە ببێت، ئەو زمانە دەستورییە کە دەیکەین بە ستاندارد هەموو بەو زمانە دەنووسن هەموو بەو زمانە دەدوێن، یەك جیاوازی هەیە شێوازی نووسینەکانی زمانی ڕاگەیاندن بەپێی ڕاگەیاندنی بیستراو و بەپێی ڕاگەیاندنی بینراو جیاوازە، لەزمانی نووسینێك لەگۆڤار جیاوازە لەزمانی نووسینی کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندن، شێوازەکەی و گەنجی وشەکەی زاراوەکانی جیای دەکاتەوە لەزمانەکانی تر، جیای دەکاتەوە لەزمانە ستانداردەکە. لەبەرئەوە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەوەدا دەبێت کاتێك ئێمە زمانی ستانداردمان هەبوو ئەو زمانە ستانداردە دەخاتە ناو خەڵکەوە لەڕێی تەلەفزیۆنەوە لەڕێی گۆڤارو ڕۆژنامەوە، بەڵام بە شێوازەکەی خۆی. ڕۆڵی قۆناغەکانی خوێندنیش لەوەدایە زمانە ستانداردەکە وەکو خۆی بەکاردێنێت بەبێ ئەوەی کە ئەمە بەتەواویی لابات، بەتەواویی بەلای زمانی زانستدا لابات، بەتەوایوی بەلای زمانی گۆڤاردا، بەواتا زمانێك دەبێت زمانی ستاندارد بۆ خوێندن ئا لەمەوەیە زمانی دەستوری حکومەتەکەشمان، زمانی نووسراوەکان کە لەنێو دامودەزگاکاندا دێن و دەچن، داواکارییەك کە من و تۆ پێشکەشی دەکەین بۆ دامەزراندن لەیەکێك لەدەزگاکاندا ئەو زمانەیە کە لەزمانی ستانداردەوە وەرگیراوە، خۆی لەزمانی ڕاگەیاندن جیادەکاتەوە، خۆی لەزمانی قۆناغەکانی خوێندن جیادەکاتەوە، ئەمەش دیسانەوە کی دەیکات شێواز گەنجی وشە نووسینەکە. کەواتە یەك زمانی ستاندارمان هەیە چەندی

لێکەوتۆتەوە؟ زمانی حکومەتی لێکەوتۆتەوە، زمانی ڕاگەیاندنی لێکەوتۆتەوە، تەنانەت زمانی وێژەوانی ئەدەبی لێکەوتۆتەوە. هەتا ئێستا من لەلێکۆڵینەوەیەکیشدا نووسیومە هیچ شتاعیرێکمان نییە، وێژەوانێکمان نییە لەسەرتاسەری کوردستاندا یەك هۆنراوەی ئەگەر ١٢ دێڕیش بێت ١٠ دێڕیش بێت، بە زمانی ستانداردی کوردی نووسیبێت، هەمووی بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە نووسیوە، ئێمە ناومان ناوە ئەمە زمانی ئەدەبی کوردییە. لەبەرئەوە زمانی یەکگرتوی ئەدەبی کوردی نییە، بوونی نییە شتێکە بە خەیاڵ دروستمانکردووە، بەڵام کاتی خۆی کە کۆڕی زانیاری و ئەو دامەزراوانە ئەو زاراوانەیان بەکارهێناوە بە واتاو ناوەڕۆکی زمانی ستاندارد یان زمانی باڵا بەکاریان هێناوە. چۆن دەڵێین پەری، خێو، دێو، جنۆکە، نین، بەڵام ئێمە بە خەیاڵی خۆمان دروستمان کردووە، بە خەیاڵی خۆشمان، چونکە ئەدەبەکە باو بووەو بڵاوبوەو حەزمان بە پێداهەڵدان و وەسفکردنی ئەم و ئەو بووە، ئەو زمانەمان بە زمانی ستاندارد زانیوە، بەوەمان وتوە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، لەکاتێکدا ئەو هەربوونی نییە وجودی نییە، چونکە هەر وێژەوانێك بە زمانی خۆی و شێوازی خۆی دەنووسێت لەبەرئەوەی یەکگرتوو نین. جیاوازییەکان زۆر زۆر زیاترن وەك لەیەکگرتوویی، بەڵام زمانی ئاخاوتنی ئێمە بە کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست خواروویەو بەهەموویەوە کرۆکێکی هاوبەشمان هەیە کە پێی دەڵێین زمانی کوردی، ئەو کرۆکە بنەڕەتە زۆر فراوانە بناغەو ڕەگوڕیشەی داکوتیوە، بەڵام زمانی وێژەوانەکانمان شاعیرەکانمان زمانی نووسینی ئەوانەی کە پەخشان دەنووسن، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوانیاندا، لەبەرئەوە زمانی یەکگرتوی ئەدەبی هەر نابێت.

*** واتا تۆ بۆچوونت وایە دەبێت ڕاگەیاندنیش هەر چاوەڕێی دەسەڵات بکات؟**

دەبێت چاوڕێی ئێمەی زمانەوان و دەزگایەکی ئامادەکردن و نووسینەوەی فەرهەنگی کوردی-کوردی بکات، دەبێت چاوەڕێی کۆلێژێکی زانستی زمان بکات کە بکرێتەوە، دەبێت چاوەڕێی بەرهەمی ئەوان بکات تا بلێت ئەمە زمانە ستانداردەکەیە. ئێمە ئەم شێوازەی خۆمان بەسەر ئەم زمانەدا جێبەجێدەکەین، ئەم زمانە ستانداردە دەبێت بە زمانی ڕاگەیاندن، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵی ئەم زمانە ستانداردە، ئەم زمانە باڵایە، ئێمە بەم شێوازە دەینووسین، بەم شێوازی گەنجی وشەیە دەیکەین بە زمانی حکومەتەکەی خۆمان. قۆناغەکانی خوێندن و پەروەردەش دەڵێت ئێمە ئاوا دایدەڕێژین، ئەم زمانە بەم شێوەیە دەیکەین بەزمانی خوێندن، وێژەوانەکانیش بە ویستی خۆیان شێوازی خۆیان بەکاردەهێنن.

لێرەدا پێویستە یەك شت بڵێم، هەر وێژەوانێکیش، بەڵام ئازادە بە زارەکەی خۆی بنووسێت، کەس ڕێی لێناگرێت. هەورامییەك بە هەورامی بنووسێت، کەس ڕێ لەوە ناگرێت چوارباخییەك، کانێسکانییەك بە زمانی ستاندارد نەنووسێت، بەڵکو بە زمانی کانێسکان و چوارباخ بنووسێت، بەڵام دەبێت بنووسی لەگەڵیدا ئەم هۆنراوەیە، ئەم پەخشانە بە کرمانجی ناوەڕاست زاری سلێمانی چوارباخ یان کانێسکان نووسیومە، دەبێت پێمان بلێت بە کام زمانە نووسیویەتی، ئەوکاتە ئێمە دەزانین جیاوازی ئەم وەچەزارە لەگەڵ ستانداردەکەدا لەکوێدایەو چییە؟ ئێمە ئەگەر زمانی ستانداردمان هەبێت کەسێك لەدیاربەکر زۆر ئاسانتر فێری زمانی کوردی دەبێت و فێری ئەو ستانداردە دەبێت لەمن و تۆ دەگات لەسلێمانی، لەبراکانمان دەگات لەبانەو لەسنە لەڕێی زمانە ستانداردەکەوە، بەواتا لەکرمانجی سەروو دەگات لەڕێی زمانە ستانداردەکەوە. بۆ نموونە کە دەڵێیت زمانی کوردی سەرەوریزبوونی وشەو فریزەکانی ئێچ ئۆ ڤییە (H. O. V) ئەمە تایبەتمەندییەکە بۆخۆمان، کە ڕستەیەك دەبیستیت دەزانیت ئەمە کوردییە، کە وشەکان دەبیستی، گەنجی وشەکە بزانیت ڕستەکە تێدەگەیت، ئەوکاتە ئەو کێشەیەمان نابێت کە ئێستا هەمانە. ئێمە لەنەبوونی زمانی دەستوریی و ستانداردەوەیە کە لەیەکتری ناگەین کە کرمانجی سەروو یان کرمانجی ناوەڕاست بە نامۆ دەزانین، ئەگەر ئەوەمان هەبێت هەموو شتەکان لامان ئاساییە، ئەگەر ئەوەمان هەبێت هەورامی لەلامان ئاساییە.

*** کەواتە سیستمی سیاسی دەتوانێت چ ڕۆڵێکی هەبێت لەدروستبوونی زمانێکی ستانداردا، پێویستە چی بکات؟**

خۆتان بیری لێبکەنەوە، پێش ڕاپەڕین لەچ بارودۆخێکدا بووین، کاتی کە ڕاپەڕین بوو خۆمان ئازادبووین لەچ بارودۆخێکی تردا بووین، لەکام بارودۆخەدا هەلومەرجی ئەوە هەیە هەنگاو زیاتر بنێین بۆئەوەی کیانێکی سیاسی دروستکەین؟ پێشتر یان ئەمڕۆ؟ دیارە ئەمڕۆ، بەشێکی کیانە سیاسییەکە چییە؟ زمانەکەمانە، زمانی دەستوری ستانداردە، کە ئەمەمان هەبوو بەواتا هەنگاوێکمان ناوە بۆئەوەی بەرەو ئەوە بڕۆین دەوڵەتێکی کوردیمان هەبێت. من ئەوەت پێدەڵێم حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ زمانی دەستوریی و بەبی زمانی ستاندارد زۆر کەموکورتی هێناوە، وەکو ئەوە وایە بڵێی ناسنامەی کورد دێڕێکی یان دوو دێڕی بە بەتاڵی بەجێماوەو هیچی لەسەر نەنووسراوە، نازانین ناسنامەکەمان چییە؟

*** زۆر سوپاست دەکەین، ئێمە هیچ پرسیارێکی ترمان نەماوە، ئەگەر تۆ شتێکت هەبێت دەتوانێت بیڵێیت؟**

هیوادارم سەرۆکی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، سیاسەتمەداران بیر لەوە بکەنەوە کە زمان بەواتا مێشك، زمانی کوردی بە واتا مێشکی کوردی، حکومەتی کوردیی، بە واتا زمانی دەستوریی و ستانداردی کوردی، ئەمەمان نەبێت کەموکورتی زۆرمان هەیە، ئەوانیش بەرپرسیاری یەکەمن، ئەمە یەکەمجارە بەم شێوەیە دەیڵێین، جارەکانی تر بەشێوەی تر دەیڵێین کە تێبگەن چ زیانێك بە خۆیان و بەم میللەتە دەگەیەنن. سوپاس بۆ ئێوەش.